# شارێک بەتاڵ لە کەسەکان

## سەردار عەزیز

روناکیە کز لەودیوو پەردەکانەوە دیارە. مۆمی سەر مێزەکان ئەگرێ. دەرەوە سارد و بێدەنگە. من لە پردی پیادەکەوە ئەپەرمەوە، یەکەم شت ئەیبینم هێڵەکانی لابرینثێکە لە سەر زەویەکە کێشراوە. ئەم لابرینثە وەک غوربەت وایە تەنها یەک دەرگای هەیە؛ دەرگایە بۆ چونە ژوورەوە.

لابرینث؛ بۆ ئەوە دروست نەکراوە دەروازەی دەرچوونی هەبێ. کە لە فەرهەنگا بەدوای ماناکەیا ئەگەرێم پێم دەڵێ؛ زاراوەیەکی یونانیە. کۆمەڵێ دیواری لە شێوەی تۆران، بۆ ئەوە بونیادنراوە تا میناتۆری تیا بگرن. مینەتۆر دڕندەیەکە نیوەی مرۆڤ، نیوەی گا.

ئەی ئێمە هەموومان وەهانین! ئاژۆڤ؛ تێکەڵێ لە ئاژەڵ و مرۆڤ. لە نێوان نیوەی ئاژەڵ و نیوەی مرۆڤدا بوونێک هەیە، بوونێ سەر لێشێواو. هەندێ جار لەبیری ئەچێ کە مرۆڤە ئەبێتە ئاژەڵ؛ هەندێ جاریش لە یادی نامێنێ کە ئاژەڵە دەبێتە مرۆڤ. چەند سەیرە لە هەردوو بارەکەدا درۆزنە.

ئەم شارە لابرینثێکە؛ رۆژێک من تیایا ئەمرم. بەڵام ئەمرۆ بەم شەقامانەدا وەک بلومی پاڵەوانەکەی جۆیس بەتەنها ئەرۆم، لە هەموو بستێک یادەوەریەکم هەیە. بیر لەو مرۆڤان ئەکەمەوە کە سبەینێ دێنەوە. ئەوانەی کە بێ ئەوەی هیچ پەیوەندیەکم لە گەڵیانا هەبێ، بێ ئەوەی بیانناسم، حەزئەکەم بیانبینم. لەبەردەم جامخانەکاندا ئەوەستم؛ لەو هەموو شتانە ئەنوارم کە هەرگیز پێویستم پێیان نیە. کۆگایی پێڵاوفرۆشی ژنان لە هەمووی قەشەنگترە. لە پێشەنگای پەیکەرە سوریالیەکانی جیاکۆمیتی ئەچێ. بیدەنگی ناچارم ئەکات بیرکەمەوە. بیر لەو هەموو ئافرەتەی کە لێمەوە نزیکن و نایانناسم. بیر لەو هەموو کتێبانەی کە تەمەنم بەشناکات بیانخوێنمەوە، بیر لە مۆسیقا. بیر لە رۆژانێ کە تێپەرین ئا.. رۆژێ لێرە کتێب فرۆش بووم، رۆژێ لێرە ئەم دیوارەم بۆیاخ ئەکرد. دوانیوەروانێکی هاوین لە گەڵ کچێ فەرەنسیا پێکەوە لە سەر ئەم مێزە لە یەک پەرداخا بیرەی ساردمان ئەخواردەوە. رۆژێ لێرە پیاوێ کتێبێکی ئەفرۆشت وێنەی منی تیابوو. شەوێ لێرە لە تەنیشت ئەم پەیکەرەی ماثیوی باوکەوە تا دەمەو بەیان لە کچێ سویدی پارامەوە، هەرچەندە لە باوەشمابوو رازی نەبوو لێوەکانی ماچکەم. من لەسەرخۆ ئەرۆم؛ دەبێ لە پردی دووەمیش بپەرمەوە، ئینجا بە گردەکەدا سەرکەوم، تا ئەگەمە نزیک سەربازگەکە. لەوێ لە ماڵێ لە بەرد دروستکراوا خێزانێ بچوک چاوەرێمن. ئەمشەو لەگەڵ شەرابی سورا تا درەنگێ باسی فەلسەفە ئەکەین.